هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٩) لە ٢٠١٩/١٠/٢٣

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١) لە ٢٠١٩/١٠/٢٣، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی (پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە - نظام إلحاق الطفل بالأسرة البديلة) بە شێوەیەکی مەبدەئی بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراو لە سەرەوە خرانەڕوو، و بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٢. دەبێت (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) گرنگی بدات بە ماڵە حکومییەکان و چاکسازی تیادا بکات و پێداویستییەکانیان دابین بکات و میکانیزمی پێویست بۆ سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنیان هەبێت، و ڕێگا نەدرێت ئەو منداڵانەی لەو ماڵە حکومییانە دەمێننەوە خراپ سوودیان لێ وەربگیرێت و بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگا نادرێت کە جیاکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی پیادە بکرێت، و لێپرسینەوەی یاسایی بکرێت لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی لەو شێوانە، و لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت خێزانی جێگرەوە بەدیلی ماڵە حکومییەکان بێت.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران